


# شوێنپێ

**سەردار راوچی**

ئەم شەوە درێژە تەواو نابێت. هاتوومە سەر ئەو باوەڕەی کە جارێکی دی ڕۆژ هەڵنایەتەوە و تروسکایی نابینم. زۆر پەرێشانم. ئەو ژنە خەوی لە چاو تۆراندم. منی لە دڵەڕاوکێیەکی سەختدا بەجێهێشت و خۆی لە دەستەکانم راپسکاند و بە ڕاکردن ڕۆیشتە دەرەوە. من هەر هێندە لام کردەوە بۆ ئەوەی پێڵاوەکانم لەپێ بکەم، ئەو دەرگای حەوشەکەی لەسەر پشت بەجێهێشت و لەناو تاریکایی و لورەلوری گورگەکاندا بزربوو. تکام لێکرد تا ڕۆژدەبێتەوە لای من بێ. بەیانی ئیدی ئازادبێ، بەڵام بەرامبەر گریانە بە گوڕو ئازارە سەختەکانی ناوەوەی، پەیف و پاڕانەوەکانم بەرگەیان

## دەق


نەگرت. ناچاربووم بەدوایدا ڕاکەم، دڵم بەرایی نەدەدا بەم شەوە ژنێک کە تازە دوای چەند ساڵێک بەئاگاهاووەتەوە بەبێ هیچ شارەزاییەک بەبێ ئەدرەسی هیچ ئاشنایەک، هیچ کەسێک لەو شارەدا بێ وێستگەو بە سەرگەردانی برواو نقومی لورەلوری گورگەکان بێ، بەڵام بانگم کرد.. دەپاڕامەوە.. هاوارم دەکرد.. لە سەرسەختییەکەی توڕەدەبووم. زۆر بانگم کرد هەرچەندە نەمدەزانی ئەو گوێی لێیە یان نا.. لێم نزیکە یان دوور.. دەمبینێ یان نا.. کەچی هەموو ئەو بانگەبانگ و دەنگەدەنگ و هاتوهاوارەم لەنێو تاریکایی شەودا دەتوایەوەو لەنێو لورەی ڕەوەگورگە دوورو نزیکەکاندا هەپرون بە هەپرون دەبوو. کاتێک هیچ ئومێدێکم بە گەڕانەوەی نەما، بە ناچاری و پەرێشانی گەڕامەوە. خەتای من بوو، تاوانی من بوو، زۆر نەفامانە هەرچی هەبوو درکاندم، هەرچی لە نهێنی بوو خستمە سەر بەری دەستی. ددان بەوەدادەنێم کەخەتای من بوو.. تاوانی من بوو، بەڵام زۆر پاڕامەوەو لالامەوە. بووم بە دڵۆپێک ئاو لەژێر پێیداو توامەوە. بەس بۆ ئەوەی ئەم، هیچ نا هەر ئەمشەو لای من با، ئیدی سبەی (کە ئێستا باوەڕم وایە قەت نایەت) بۆ کوێی دەویست ڕۆیشتبا. دەبوو بە قسەی کردبام.. پێم وت (ئەم و

وڵاتە لە دوای تۆ و مەرگی شۆڕش هەمووی گورگە. ئەم وڵاتە لە تاریکیدا سەراپای دەبێتە گورگ.. تاک تاک و کۆمەڵ کۆمەڵ بەدوای مرۆڤەکاندا دەگەڕێن.. گریام پێم وت ڕاوکردنی تۆ وەک ڕاوکردنی کەوێک وایە لە قەفەزدا. تۆیەک کە لەوپەڕی دنیای بێدەنگی و لە دوورەوە ئەمشەو هاتوویە ئێرە، شارەزا نییت نازانی خۆتیان لەدەست ڕزگار بکەی. نەک هێندە زۆر بە ئاسانی هەڵت دەلوشن.. بە قسەی نەکردم وەک تیسکەی تفەنگ ڕۆیشت و لە چاوان ونبوو.. ئێستا فرمێسکەکانییەتی لە ژوورەکەمدا لەگەڵ هەنسک و بۆنی خۆڵی شێدارو ڕامانە بریندارو هەناسە زامدارەکانی. لەگەڵ هەموو شتەکانی ژوووڕەکەمدا جگە لە کتێبێک دەگریەن، ژێرنابنەوەو هەراسانیان کردووم. لە ژوورەکەمدا هەموویان دەتوێنەوە. دەبنە هەڵم و بەسەرمدا دادەبارن و تەواونابن. دەتوێنەوە دەبارن دەبنە هەڵم و دەبارن.. دەبارن و تەواونابن. فرمێسکەکان ژوورەکەمیان پڕکردووە لە ناڵەو ئاهونزای بێ بڕانەوە، منیش لەناویاندا دانیشتبووم و دەنگم لێوە نایەت، چونکە من خۆم بە تاوانبار دەزانم بەرامبەر فرمێسکەکان. بەرامبەر ئەم هەموو ئاە و ناڵەو نزایانە.. تاوانبارم . گەر من نەبام، گەر من هەموو نهێنییەکانم نەدرکاندبا، زۆر ئاساییبوو ئەمشەو لام دەمایەوە، لەم دنیایەدا دوای ئەم کارەساتە هەناسەیەکی وەبەردا دەهاتەوە. ئیدی بەیانی بۆ کوێی ویستبا دەڕۆیشت.. نا نەدەبوو من بەم شەوە هێندە خێرا کە تا ئەوکاتە شوێنی دانیشتنی گەرم نەکردبوو هەموو شتەکان بخەمە سەر بەری دەست.. بەڵێ من خۆم بە خەجاڵەت دەزانم.. من تاوانبارم بەرامبەر بەو.. تاوانبارم و تاوانی سەدان قەتارەی فرمێسکی ئەو ژنە. ئاە و ناڵینەکانی و هەموو کسپەکانی هەناوی لەئەستۆی من دایە. من دانیشتووم، بەڵام لە ناخەوە دوودڵی و دڵەڕاوکێ هەراسانیان کردووم و هەژانێکی گەورەیان درووست کردووە.. هەست دەکەم خەریکە دەخنکێم.. لەو کاتەی ئەو ژنە لە ژوورەکەمدا پەیدابووە، بۆنی خۆڵی شێدار دێ و ژوورەکەمی پڕکردووە. هەر لە سەرەتاوە جلوبەرگە شڕودڕەکەی، قاچێکی بە گۆرەوی و قاچێکی بێ گۆرەوی سەرنجی منیان زۆر بە گەرمی ڕاکێشا.



بینیم لە خوار ناوکییەوە جلەکانی خوێنێکی ڕێچکەبەستووی پێوە مەییوە. هەر بەتەواوی تاسام و دڵنیابووم ئەوە (خەجە) خەجی هاوڕێی ناو کتێبە بێ بەرگەکەمە.. ئەو کتێبەی نازانم چۆن کەوتووەتە ناو کتێبخانەکەم.. هەمیشەش لە چاوپێداخشانەوەو سەیرکردنی کتێبخانەکەمدا چاوم لەسەر ڕادەبواردو گوێم پێ نەداو نەمدەویست هەست بکەم کتێبێکی وا لە کتێبخانەکەمدایە. زیاتر برادەرەکانم ڕایان گۆڕیبووم. دەهاتن و دەیان وت (کەی باوی ئەم کتێبانە ماوە؟ ئەوانە بوونە مێژوو. جارێکی دی دووبارە نابنەوەو پێویستە لەبیر خۆمانیان بەرینەوە. ئێستا سەردەمێکی ترەو پێویستە کتێبخانەکانمان پڕکەین لەو کتێبانەی بەدوای خۆیاندا کێشمان دەکەن و لە ڕابردووی خۆمانمان دادەبڕن). یەکێک لە برادەرەکانم بە ڕاشکاوانە وتی: (بەڕاستی ئێمە بەو هەموو شتانە ڕاناگەین. پێویستە خۆمان بگەیەنین بە سبەینێ..!). من زۆرجار هەوڵم دەدا لەگەڵ چاوخشاندنەوە بە کتێبەکانمدا ئەم کتێبەش بخەمە دەرەوە. بیدەمە دەستی برا بچوکەکەم و بیکات بە لولەی گوڵەبەڕۆژە، بەڵام هەمیشە هێزێک لەناوەوە دەستەکانمی سست دەکرد و لە ڕاست ئەو کتێبە چاوەکانمی لێڵ دەکرد.. تا دواجار کە ئەم کتێبەم لەسەر مێزی خوێندنەوە بینی، زۆر سەرسامبووم.. زۆرم لا سەیربوو. ئەو کتێبەی دەمویست فڕێی بدەم و لەبیر خۆمی بەرمەوە.. ئەو کتێبەی وەک گیاکەڵەی نێو کتێبەکانم سەیرم دەکردو دەمویست فڕێی بدەمە دەرەوە.. ئێستا هاتووەتە سەر مێزەکەم و دەستەکانی وایان لێ کردووم پەڕ بە پەڕ سەیری بکەم دڵم ئارەزووی خوێندنەوەی دەکردو چاوەکانم تامەزرۆیانە دەیانڕوانییە وشە تڵخ و تۆزاوی و ڕەشداگەڕاوەکانی.. ئاوەزم دەیوت (خۆت گێل مەکە ئەوە شوناسی تۆیە). ئیدی هەموو ئەندامانی جەستەم ناچاریان کردم بیخوێنمەوە، کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکە، تەمێکی غەریب داگیری کردم. لەناو تەم و دەنگی نەشازو ترسێنەری لێقەومان و نغرۆبوون هەراسانیان دەکردم و تەنانەت هەستم بە دەنگی هێندە گەورە دەکرد، پێم سەیربوو کەللەی سەرم چۆن بەرگەی دەگرێ.. دەنگی تانک و تۆپ و ئۆتۆمبیلی جەنگی و قیژەی ژن و منداڵ و گریانی ئاشکراو نهێنیی پیاوە خۆڕاگرو بەتەمەنەکان (ئەوانەی هەزاران هەزاران لێقەومانیان دیوە) تەواونەدەبوو. دوایی نەدەهات. لەنێو تەمەکەدا دنیایەکی دی بوو. دنیایەک چڕەدووکەڵی ڕەش ڕووی سروشت و ژیان و مێژووی لە باوەشی خۆیدا لولدابوو. لەنێو تەمتومان و چڕەدووکەڵەکەدا مرۆڤەکانی نیاندەرتاڵ و فیرعەونەکانی میسرو بابلییەکان و ئاشوورییەکانم دەدیت.. هۆلاکۆ و تەیموری لەنگ و ئەسکەندەرم لێک جیادەکردنەوە، کە لەم دنیای پڕ کارەسات و هەناسەگرەدا دۆشداماون و شەرمەزاری دایگرتبوون. عیسام بینی چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون و گازو گلەیی بۆ ئاسمان بەرێ دەکرد. موسا لەداخانا گۆچانەکەی دەستی شکاندو کردی بە هەزار پارچەوە. زەردەشت خۆی بە پێوە نەدەگرت و کەوتبووە سەر چۆک، ڕووی لە ڕۆژێک کردبوو کە هیچ شوێنەوارێکی لەم نێوەدا دیارنەبوو. دەگریا و بە گریانەوە دەیوت (هێی ئاهورامەزدا.. تۆ تازە دەتوانی چی بکەی؟ ئەهریمەنەکانی سەرزەمین چاوەکانی منیان سوتاندو تۆ بێدەنگی. تۆ تازە دەتوانی چی بکەی؟ ڕشتنی ئەم هەموو خوێنە لە ئەستۆی کێدایە؟ ئاهورامەزدا، خودای ژیان.. ئۆباڵی






رشتنی ئەم هەموو تاوانە و پیسکردنی سەرزەمین لە ئەستۆی کێ دایە؟ تازە بە کام دەستانە گوڵە هەڵوەریوەکانی چاوم کۆبکەمەوە؟!)..

لەسەری ئەمسەریشەوە پیاوێک کە کتومت لە بیابان دەچوو، شمشێرێکی بە دەستی ڕاستی بەرزکردبووەوە، بە چاوێکی تیژو وشیارانەوە دەیڕوانییە ڕووداوەکە. وەک ئەوەی ڕابەری شەڕ بێت. هەموو تانک و زرێپۆشەکانیش چاوەڕێی ئاماژەی شمشێری دەستی بوون، بۆ هەر فرمانێک کە بیدات.

ئەمشەو سێیەمین شەوبوو کە ئەم کتێبەم دەخوێندەوە، بەڵام هەرسێ شەوەکەو لەنێو تەمتومان و چڕەدووکەڵەکەدا، ژنێک جارجار دەهاتە بەرچاوم و بزردەبوو، من بانگم دەکرد، بەڵکو لەنێو کەلاوە بەسەریەکدا ڕووخاوەکان و کارەساتەکەدا هاوکاریی بکەم. من ئەم ژنەم هەرگیز پێشتر نەبینیبوو، بەڵام هەستم کرد دەیناسم و هیچ گومانم لەوە نەبوو کە ناوی خەجێیە. بۆیە یەک بەخۆ بانگم دەکرد (خەجێ.. خەجێ).. ئەمشەو دایکم بەئاگای هێنامەوە وتی (کوڕم.. داک لەبەرت بمرێ، ئەو خەجێیە کێیە ئەتۆ سێ شەوە بانگی دەکەی؟ کوڕیژگەکەم دنیا هێندەی بەبەرەوە نییە. ئەمن بە گوێگرانیی خۆم هاتوهاوارت دەبیستم. گەر ئەو دراوسێیانە گوێیان لێ بێ، ئێستا چ دەڵێن؟ داکت لەبەر بمرێ هێندە داڵغان لێ مەدە. دنیا بە هومێد خوراوە!)..

بەرچاوەکانم لێڵبوون. بۆنی خۆڵە شێدارەکە بە تەواوی هەناسەی تەنگ کردووم.. ئاه و ناڵەو فرمێسکەکانیش تا دێ زیاتر هەراسانم دەکەن.. باران لە دەرگای پەنجەرەکەم دەدات.. سروە با لە پەنجەرەکەم دەدات.. دڵم دەخوازێ دەرگایان بەڕوودا بکەمەوە و ژووررەکەم لەم هاڵاو و بۆنی خۆڵە شێدار و گەرمە پاکبێتەوە و رزگارم بێت. بەڵام واناکەم. دەمەوێ لێرە بۆخۆم لە ئۆباڵی بەخەبەرهێنانی ئازارەکانی ئەو ژنە خۆم سزا بدەم.. ئەو ژنەی کە ماوەیەک پێش ئێستا لام دانیشتبوو، بە ڕاکردن چۆوە دەرەوە و نەمبینیەوە. من دەمەوێ بۆ خۆم خۆم لە گوناهەکان پاککەمەوە، خۆزگە بیگەیشتبامێ و نەمهێشتبایە ئەمشەو بڕوا.. بەدوای کەوتم، ویستم جێپێی هەڵگرم.. لە حەوشەکەی خۆمان لەناو قوڕەکەی حەوشەی خۆماندا شوێن (پێ)یەکانی دیاربوون، بەوەدا ناسیمەوە کە یەکێکیان هەر پێنج پەنجەی بە ڕوونی دیاربوون و ئەوی دیکەش لەناو قوڕەکە وادەردەکەوت کە هەر پێنج پەنجەی بە یەکترەوە نووسابن، بەڵام سەیر لەوەدابوو لە بەردەرگای دەرەوە، شوێنپێیەکان دیارنەبوون.. نا خۆ ئەوکات بارانیش نەباریبوو.. بەڵام لەبەر دەرگای دەرەوەیماڵمان شوێنپێی هیچ بوونەوەرێک نەدەبینرا.. ئێستا حەزدەکەم دەرگاو پەنجەرەکان بخەمە سەر گازەرەی پشت و فێنکایی هەموو جەستەو دڵ و ڕۆحم بتەنێ و پیاسە بەناو هەناوی تەنگ و تاریکمدا بکات، بەڵام واناکەم. دەمەوێ تۆڵەی ئەو ژنە، تۆڵەی ئازارەکانی ئەو ژنە لە خۆم بکەمەوە. خەتای من بوو. دەبوایە بە زمانێکی دی لەگەڵی بدوابام و دواتر وردە وردە ڕاستییەکان تێگەیشتبا، بەڵام من گێل بووم.. بێ ئاوازە بووم.. تف لە من تف.. چۆن هێشتم ئەو ژنە بەو هەموو ئازارەوە.. بەم هەموو ژان و دڵەخورپانەوە.. بەم هەموو نائومێدییەوە بڕوات، تێکەڵی گەلەگورگ بێت؟ ئێستا لەوەیە ئێسکیان هاڕیبێ.. لەوەیە خوێنە مەیوەکەی بە لموزی چەندین گورگەوەبێ.. لەوەیە چاوەکانی..





مەمکەکانی.. لە ناو.. لە خۆشیان هەر لورەیان بێ.. ئاخ.. ئاخ تف لە من سەدجار تف لە من..

سێیەم شەوبوو کە دایکم منی بەجێهێشتوو ڕۆیشتە ژوورەکەی خۆی و نووست. کە لە دەرگای دا سەیری کاتژمێرم کرد یەکی دوای نیوەشەو لایدابوو. لەدەرگادانەکە ئاسایی نەبوو.. بەم شەوە درەنگە دڵم کەوتە خورپە.. هەتا گەیشتمە لای دەرگا هەزارو یەک خەیاڵی ناخۆش مێشکیان تەنیم. دەرگام کردەوە. لەگەڵ کردنەوەی دەرگاو بینینی ئەو سیما شپرزەیە، ترسێکی وام لێ نیشت، کە زمانی لەگۆ خستم. خەریکبوو هەردوو ئەژنۆم دەنوشتانەوە، قاچەکانم دەلەرزین.. زۆری ویست تا هەوڵم دا لەبەر چاوی ئاسایی بم و بەسەر ترسەکەی خۆمدا زاڵبم. هاتە ژوورەوە، بەرامبەرم لەسەر کورسییەکەی لای کتێبخانەکە دانیشت. بێ ئەوەی من بتوانم هیچ بڵێم، ئەو کەوتە قسە: (من دوای ئازارێکی زۆر خەوم لێکەوت.. نازانم کەی بوو، چۆن بوو، بەڵام ئەم سێیەمین شەوە گوێم لە ناوی خۆمەو بانگم دەکەن. ئەمشەو بڕیارم دا بەدوای دەنگەکەدا بێم.. دەنگەکە تا بەردەرگای ئێوەی هێنام. کە پێت وتم فەرموو ناسیمەوە، دەنگی تۆ بوو. سێ شەوە بە بەرزی گوێبیستی دەبم کە کارەساتیماڵوێرانی و سەفەری ڕەشی ئێمە دەگێڕیتەوە.. دەی بزانم بۆ لە خەوت کردم؟ بۆ بانگت کردم؟ چیت گەرەکە؟). من ئاسایی نەبووم، زۆر پەشۆکابووم، بەڵام هەوڵم دا بەسەر خۆمدا زاڵبم. هێزم دا بەرخۆم: (ئایا ئەو چیرۆکەی لەو کتێبەی سەر مێزەکەدا هەیە راستە؟ حەزدەکەم لە دەمی خۆتەوە بیبیستم، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت وەکو خۆی باسی ئازارەکانی خۆی بکات. تۆزێک ڕاما. دەستی بە سەرە قژنەکەیدا هێنا، خۆڵ لە سەرو لەشییەوە دەکەوتە خوار. لەگەڵ بەرزکردنەوەی دەستی، برینێکی تەڕ بە لەپی دەستییەوە دیاربوو. وەک ئەوەی لەگەڵ خۆی قسە بکات: (نە من دەتوانم ئەم هەموو ئازاری حکایەتە بگێڕمەوە، نە تۆش بە تەنیا فریای کۆکردنەوەی ئەم هەموو خەم و داخ و کەسەرە دەکەوی. من دەمەوێ شتێک.. تەنیا شتێکت بۆ بگێڕمەوە، لەو هەزاران ڕووداوەی کە لە کتێبەکەی تۆدا نییە)..

من خۆم بێدەنگ کردبوو چاوەڕێی قسەکردنی بووم. پاش کەمێک سەری هەڵبڕی: (کە گوندەکەیان بەسەر یەکا رووخاندین. ئێمە، کۆمەڵێک ژن و منداڵیان خستینە پاشی زیلێکەوە. نەمان ئەزانی بۆ کوێمان ئەبەن چارەنووسی ئێمە چییە. بەسەری خۆمان ئەکێشا، کەچی کەس بەزەیی پێماندا نەئەهاتەوە. کەس وەڵامی نەئەدواینەوە. کاتێک لەناو زیلەکەدا بێ مەبەست سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕی، باڵندەیەک کە بەتەنیا بە ئاسمانا ئەفڕی سەرنجی منی راکێشا. من نەمدەزانی ئەو باڵندەیە هی چ ناوچەیەکە.. هی گەرمیانە یان ناوچەیەکی تر. بەڵام بە بینینی دڵم تەزوویەکی خۆشی پیاچوو.. هەستم کرد ئەو باڵندەیە ڕۆحی فریادڕەسێکی ها تیا. بەسەر سەرمانەوە دێت و ئەچێت. وام هەست ئەکرد ئەیەوێ یارمەتیمان بات. باڵندەکە ئەهات لەسەر سەری ئێمەوە خۆی نزم ئەکردەوە. هاکا دابەزێتە ناومان. لێمان ڕائەما، لەپڕ بەرزئەبووەوە و لە ئاسمانا خولێکی ئەخوارد. دواتر بە تەنیشتمانەوە ڕەت ئەبوو.. ئەڕۆیشت.. ئەڕۆیشت بۆ دوور.. ماوەیەک خۆی بزرئەکرد.. کاتێ ئەمانزانی بەسەر سەرمانا تێئەپەڕی وەختێ ئێمە بەسەر پردێکا ڕەت ئەبووین.. ئەوم بینی لەو بەر پردەکە لەسەر دارێکی بێ پەلوپۆی

# دەق

وشک بە ماتومەلولی هەڵنیشتووە.. ئەوسا زانیم چارەنووسی ئێمە ڕەشە.. ئیتر ئەو باڵندەیە.. ئەو باڵندە ئارامبەخشە ئێمەی جێ نەهێشت و بە تاقی تەنیا بۆمان ئەگریا و خەم لە چاوەکانی ئەباری. دواجار ئێمە لە گەرمیان تێپەڕیین ئەوم بینی لە دوورەوە بە ماتی وەک کۆڵێ زامی بە جەستەوە بێ، بێ قەرارانە ئەهات و ئەچوو. پاشان بە باڵەکانی هەر لە دوورەوە ماڵئاوایی لە ئێمە کرد، ئەمجار زانیم کۆتاییەو شیوەنم بوو بە دوو. کاتێ بە چنگ و کەڵبەکانیان پەلاماریان ئەداین و لە قەهرو ئازارا ئەمانقیژاند، لە چاوەکانما باڵندەکەم ئەبینی چۆن شین دەگێڕێ، کە شەوە تاریکەکە بردیانین بۆ کوشتن.. ئەو ڕۆژەی کە ئاخر بوو، لە قوڵایی چاوەکانمان باڵندەکەم ئەبینی، لەسەر دارێکی وشک و بێ گەڵا خەم هەڵی پڕوکاندبوو. کاتێ فیشەکەکان وەک ئاگر لەشیان داغان داغان ئەکردین، گوێم لە دەنگی توڕەیی بێ پسانەوەی باڵندەکە بوو وەک ئەوەی شەڕ لەگەڵ خۆیدا بکات. ئەو باڵندە ئێستاش هێلانەکەی ها لە چاوما!).

سەری هێنا پێش و چاوەکانی زیاتر کردنەوە (ئەیبینی.. تۆ نایبیتی؟ کە چیرۆکەکان ئەگێڕنەوە نابێ ئەو باڵندەیەتان لەبیربچێ. تۆ نازانی ئەو باڵندەیە چەند ئارامبەخش بوو. هەموو خەمەکانی ئێمەی لە چاوەکانیدا حەشاردابوو. ئەو، هەموو گریانەکانی ئێمە بوو. تەنیا ئەو ئاگای لە وردودرشتی مەسەلەکە هەیە.. ئەو شایەدی هەموو دەردو مەینەت و حەسرەتەکانمان بوو).

لەکاتی قسەکردندا، خۆی دەلاژاندەوەو چاوەکانی دادەخستن و پڕ بە هەناوی هەناسەی هەڵدەمژی، دواتر بە گوڕەوە، دەورووبەرەکەی پڕدەکرد لەو هەناسەیەی کە هەزاران دادو حەسرتی هەلاهەلاو هەزار خەم دەردەسەری خوێنیان لێ دەچۆڕاند. وەک ئەوەی شتێکی بەبیردا هاتبێتەوە، سەری بەرزکردەوە: (ئەمجارەش پێت ئەڵێم تۆ بەتەنها بەفریای هیچ ناکەوی. گەر بتەوێ هەموو ماڵوێرانییەکان کۆکەیتەوە، دەبێ بڕۆن لە سەحراکە بەدوای ئەمەدا بگەڕێن، نەک لە ژوورەوە. بڕۆن هەر بستێکی سەد کتێبە لەو کتێبەی تۆ گەورەتر. بڕۆ لەویا، لە دوورەوە شتی بچوکی رەش ئەبینی لە خاڵێکی ڕەش ئەچێ، کە لێی نزیکئەبیتەوە ئەبینی تاکە پێڵاوێکە خوێنی جەستەیەک لەناویا وشکبووەتەوە، بەو بڵێ با کتێبەکانتان بۆ تەواو بکات. هەر لە دوورەوە شتی ڕەنگاوڕەنگ ئەبینی هەریەکێکیان بۆخۆی چەند کتێبێکە. ئاگات لێ بێ بە وردی بڕۆ نەبادا پێ بنێیتە سەر مەمکەکەمژەیەک، چونکە دەتوانی هەموو گریان و گرووی تینوێتی و برسێتیی لێ وەرگری. دەسرازەیەک نیوەی لە خۆڵەکەدایەو نیوەکەی تری ڕەنگی بیابانی گرتووە، گەر بیدوێنی، ڕازونیازی سەدان گغە و بڤە و ئاوازی سەدان لایلای هەڵگرتووە. من پێتان ئەڵێم گەر چوون لەسەرخۆ بڕۆن. نەکا قاچتان بکەوێتە سەر پەنچەیەکی قرتاو.. چاوێکی هەڵوەریو.. دڵێکی پڕ لە بڕین!). ماوەیەک بێدەنگ بوو. دواتر وتی: (ئەرێ تۆ ئومێد.. ئومێدی شۆڕش ئەناسی؟) وتم: (بەڵێ.. من ئومێدی شۆڕشم وەک خۆم دەناسی. جا کێ هەبوو نەیناسیبێ؟ بەڵام تۆ چۆنە ئومێدی شۆڕشت لەبیرماوە؟ ئومێد سەردەمێکبوو تێپەڕی. مەگەر جارجار وەک باس باس بکرێت، دەنا کێ ئومێدی لەبیر ماوە؟) ئەو وەکو ئەوەی شتێکی لەخۆی دیبێ، هەڵوێستەیەکی کرد: (مەگەر ئومێد ئێستا لە شاخ نییە؟ مەگەر ئەو و برادەرەکانی چییان لێ بەسەرهات؟) من یەکسەر تێگەیشتم

که لەدوای کارەساتەکەوە ئەو خەوتووە. بۆیە بە هێمنتر لەگەڵی دووام: (تۆ باسی سەردەمی کارەساتەکە دەکەی. سەردەمێک کە چەندین ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. ئێستا سەردەمێکی ترە.. تۆ باس لە شتێک دەکەی کە لەم وڵاتەدا کۆن بووە. بمبوورە حەزدەکەم بێینەوە سەر باسی کارەساتەکە. با جارێ لەو باسە بگەڕێین. تکادەکەم ماندوونەبی. بەوردی باسی هەموو ئەوانەم بۆ بکەی کە ئێمە گێلانە لەلابیرمان کردوون). بەڵام ئەو وەکو ئەوەی گوێی لە قسەکانی من نەبووبێ: (ئێستا سەردەمێکی ترە.. یەعنی چ سەردەمێک؟ سەردەمێکی تر یەعنی چی؟) زانیم ئەم قسەیە زۆر کاری تێکرد.هەوڵم دا بتوانم بەشێوەیەکی نەرم بۆی باس بکەم: (دوای کارەساتەکە، چەند ساڵێک دنیای ئێمە سەوزایی تێدا گەڕا. چراکانی شاخ کزبوون.. ئەو دووکەڵەی هەمیشە بەئاسمانی جەنگەڵەکانەوەبوو نەما. ئەشکەوتەکان. بن بەردو لا شاخ و توولەڕێیەکان چۆڵبوون. شاخەکان بە تەنیایی بەجێمان. هەموو گەڕانەوە شارو شاخ چۆڵبوو، بەڵام پاش قەدەرێک، کە بەدوای ئومێدی شۆڕشدا گەڕاین، نەماندۆزییەوە.. گەڕاین لە هەموو شوێنێک، تەنانەت لەناو دڵیشمدا نەمابوو. دوای نەمانی ئومێدی شۆڕش، ژیان گۆڕا.. مرۆڤەکان گۆڕان.. هەموومان گۆڕاین. ئێستا وای لێهاتووە کەسمان یەکتری بە ڕووناکیی دڵمان ناناسینەوە.. ئێستا تەنها چاوەکانمان بڕیاردەدەن!).

ئەو تورەبوو: (ئەوە یێژی چی؟ کەی شتی وا جێی بڕوایە؟ من گومانم لە تۆ هەیە. بەڕاست پێم بڵێ ئومێدی شۆڕشتان چ لێکرد؟) وەک ئەوەی هێزێک لەناوەوە پاڵم پێوەبنێ، بێ سێ و دوو بە توندی وەڵامم دایەوە (کوشتمان. درۆم لەگەڵ کردی کە وتم بزربوو. نەخێر کوشتمان. بەدەستی خۆمان کوشتمان و کردمانە هەزار پارچە!). بە هەردوو دەستی داوەرایە سەرو پرچی، لە برینەکەی لەپی دەستیشییەوە خوێن فوارەی دەکرد. پرچی دەڕنییەوەو بەردەبووە گیانی خۆی. زۆری لە خۆی دا. هەرچەند داوای لێبووردنم لێکرد، لەبەری پاڕامەوە و لاڵامەوە. خۆم کردە دڵۆپێک ئاو و لەبەر پێی توامەوە، بەڵام ئەو بڕیارێک بوو دابووی.. ویستم بیگرم، خۆی لە دەستم راپسکاند. بە ڕاکردن چۆ دەرەوە، بەر لەوەی بچێتە ئەودیو دەرگا وتی: (تۆ پیاوێکی ناپاکی. دەچم بۆ لای ئومێدی شۆڕش حیکایەتەکان بۆ ئەو دەگێڕمەوە!) بەوە ڕانەگەیشتم هیچ قسەیەک بکەم وەک تیسکەی تفەنگ بۆی دەرچوو... نا.. دەرگاو پەنجەرەکە (ئەو پەنجەرەی دەیان بیرەوەریی جوانی پێ بەخشیووم) بەڕووی خۆمدا ناکەمەوە. نا، من دەمەوێ بۆخۆم سزای خۆم بدەم. ئازادیی من لەوەدایە بە دەستی خۆم تاوانەکان.. هەڵەکان لە خۆم داماڵم و خۆم پاکبکەمەوە لە گوناهەکانی ئەو ژنەو ئەو تاوانانەی کە خۆمیان لە خۆم دابڕاندبوو. چاوەکانم دادەخەم، بۆئەوەی دەرگاو پەنجەرەکە لەبەرچاوی خۆم بزرکەم.. لەودیو چاوداخستندا هیچ دەرگاو پەنجەرەیەک نییە ئێستا.. دەبینم جگە لە کتێبەکە ، گریان و هەناسەو ڕامانە بریندارەکانی ئەو ژنە و هەموو شتەکانی دی دەبنە هەڵم و دەتوێنەوە بەسەرمدا دەبارن.. لەسەر مێزەکەشەوە.. لەنێو لاپەڕەکانی کتێبەکەوە خوێن ڕێچکەی بەستووە بەرەو جەستەی من. وەک ئەوەی کتێبەکە، کانیی خوێن بێ و تەقیبێتەوە. دەڕژێتە خوارو هیچ پێچوپەنایەک ناکات و ڕێک دەڕژێتە جەستەی منەوە. ئەو جەستەیەی وەک گۆڕی غەریبێکی لاڕێ، خواروخێچ و ناڕێکە!.

